محەمەد سەلاح نزیکبەتەوە لە جێهێشتنی لیڤەرپول بۆ خولی سعودیە



کۆنسوڵی وەرزشیکانی سعودیە ئاشکرایان کرد کە یاریزانی نێودەوڵەتی میسری محەمەد سەلاح، هەرشبەری یانەی لیڤەرپوول، زۆر نزیکە لە جێهێشتنی یانە ئینگلیزییەکە بۆ ئۆوەی بگوازرێتەوە بۆ خولی سعودی.

پێشکێشکاری بەرنامەی "دیوانیە" لەم بارەیەوە ڕایگەیاند: "سەرچاوەکانی بەرنامەی دیوانیە پشتڕاستی دەکەنەوە کە محەمەد سەلاح دوا یاری خۆی لەگەڵ لیڤەرپوڵ بەرامبەر نیوکاسل یونایتد ئەنجام دەدات (ئەمڕۆ یەکشەممە)، پاشان دەچێت بۆ دوبەی بۆ پشکنینی پزیشکی وەک ئامادەکاری بۆ چوونە پاڵ یانەی ئیتیحادی سعودی".

وتیشی: "چاوەڕوان دەکرێت گرێبەستەکی گەورە ئەنجام بدرێت بۆ یانەی ئیتیحاد بۆ بەهێزکردنی ڕیزەکانی و هەروەها بۆ بەشداریکردنی لە جامی جیهانی یانەکاندا".

لە لایەکی دیکەوە، ڕۆژنامەوانی ئیتاڵی "ئودی گالێتی" کە پسپۆڕە لە هەواڵی گواستنەوەی یاریزانەکان، پشتڕاستی کردەوە کە سەلاح بەرپرسانی لیڤەرپوڵی ئاگادارکردووەتەوە کە دەیەوێت ئەزموونەکی نوێ دەست پێ بکات لە خولی پێشێی سعودیە.